سوپای تورکیا بە چڕی چەندین ناوچەی هەرێمی کوردستان بۆردوومان دەکات

ئێوارەی ئەمرۆ چوارشەممە (4ـی تشرینی یەکەمی 2023) لە ماوەی کاتژمێرێکدا سنووری دوو گوندی ماوەت زیاتر لە چوار جار و بناری قەندیلی سێ جار بۆردوومان کران.

قایمقامی ناحیەی ماوەت، کامەران حەسەن لەم بارەیەوە راگەیاند، کە سنووری هەردوو گوندی گەڵاڵەی و باساوێ لەدوای کاتژمێر حەوتی ئێوارەی ئەمڕۆ چوار جار"م بۆردوومان کراون، هەروەها دڵشێر ئیبراهیم، هاوسەرۆکی شارەوانیی بناری قەندیل گوتی: نزیک گوندی ئەندزێ لە بناری قەندیل لە کەمتر لە کاتژمێرێکدا سێ جار بۆردوومان کرا لەلایەن فڕۆکە جەنگییەکانی سوپای تورکیا،هەروەها تا ئێستا زیانە ماددی و گیانی نەزانراوە.